**ڕاگەیەندراوی بەڕێوبەریی سایتی هەڵوێست لەسەر پیلانی حکوومەتی ئێران دژی چالاکانی مەدەنیی کورد**

بە گوێرەی ئەو هەواڵە باوەڕپێکراوانەی کە بە هەڵوێست گەیشتوون، دەسەڵاتدارانی ئێران لە ڕێگەی بەکرێگیراوە جەلادەکانی خۆیانەوە لە کوردستان، بەردەوام خەریکی پیلان گێڕی و زەخت و زۆر دژی چالاکانی مەدەنی و باقی گیراوەکانی هاوینی ڕابردوون.
ئەم هەواڵانە ڕادەگەیەنن کە جەللادەکانی سپا و ئیتلاعات بۆ ئەم مەبەستە لە هاوکاری و هاوئاهەنگی تەواودان، و بە بەرنامەوە خەریکی شکان یا پاسیف کردنی تێکۆشەرانی بزاڤی مەدەنین. لەم پێوەندیەدا کەسێک بە ناوی خوازراوی "ڕەزوانی" وەک سەربازجوو ئەم ئەرکەی وەئەستۆ گرتووە. ناو براو هاوینی رابردوو، پاش گیرانی چالاکانی ڕۆژنامەوان و باقی تێکۆشەران، دەسبەجێ لە زیندانییەکانی دیکەیان جودا دەکاتەوە ودەیانگوێزێتەوە بۆ شوێنی تایبەت بەخۆی. کە لە ڕاستیدا ئەشکەنجە خانەیەکی شاراوەی دوور لە زیندانی گشتی و تەنانەت ئیدارەی ئیتلاعاتە. ڕەزوانی بۆ جێبەجی کردنی ئەرکە جینایەتکارانەکانی چەند تیمی جۆربەجۆری ئیتلاعاتی، خەبەر چینی و ئەشکەنجەچیی لەبەردەسدایە. کە ژمارەیەکیان جاش و نیشتمانفرۆشن. بۆ ئاگاداریی زۆرتر، ڕەزوانی لەو کەسانەیە کە حکوومەت لە ناوەندە تایبەتە ئیدئولوژیکییەکانی خۆیدا پەروەردەی کردووە. ناوبراو بەباشی فێری کوردی کراوە. شارەزای مێژووی گەلی کوردە و ئاشنا بە خەت و ڕێبازی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە. هەروەها شارەزایی لە وێژە و ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە. دیارە هەموو ئەم زانیاریانەش بۆ شکانی قوربانییەکانی (گیراوان و زیندانیان) بەکار دێنێ.
لەکاتی گرتنی چالاکانی مەدەنی لە هاوینی ڕابردوودا، ڕەزوانی خۆی سەرپەرستیی لێپرسینەوە و "بازجوویی" ئەم تێکۆشەرانەی وەئەستۆ گرتوە. لە هەمان کاتیشدا هەر خۆی بەڕێوەبەری سەرەکیی ئەشکەنجەی لەشی و ڕەوانی دژی ئەم چالاکانە بووە. لەم ماوەدا ناوبراو لە هیچ چەشنە ڕەفتار و ئەشکەنجەیەکی نائینسانی و تەنانەت حەیوانی خۆی نەپاراستووە.
سەرنجام کە پاش ئەشکەنجەو ئازاری زۆر هیچکام لە ئەم تێکۆشەرانە تەسلیم نەبوون و هیچیان ئامادەی "پەشیمان بوونەوە" و وەئەستۆگرتنی تاوانی ناکەردە نەبوون ؛ بە سازکردنی چەندین پەروەندە، بە شێوەی کاتی بەشێک لەم خۆشەویستانە ئازاد کران، پاش ئەم ئازادیە کاتییەش ڕەزوانی کەوتە نانەوەی داو و دەستی بەسەر هەموو دەسنووس و کتێب و کامپیوتێری ئەم کەسانەدا گرت و پێی نەدانەوە. بەناوی ئەوان و بە ئادرەسی ئەوان پەیام ونامە و تەنانەت بابەتی بۆ خەڵکانی دیکە دەنارد. دەستی لە وێبلاگی هێندێکیان وەردەدا، بۆ خۆی کۆمێنتی لەسەر دەنووسی. کە نموونەی وێبلاگی دوکتور تلووعی بوو. تا ئەوەی بەڕێز تلووعی ناچار بوو وێبلاگەکەی دابخات. بەڵام ڕەزوانی بەکەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی بەڕێز تلووعی، بەناوی ئەوەوە وێبلاگی دیکەی (بە هەمان ئادرەس) کردەوە. و بەم شێوەیە کەوتە ناساندنی خەڵک و کۆکردنەوەی بەناو "مەدرەک" دژی ئەم خانمە تێکۆشەرە. هەروەها بەناوی ئەوانی دیکەش کە بە شێوەی کاتی ئازاد بوون، پەیام بۆ ئەملاوئەولا دەنێرێ و بەوشێوە دەکەوێتە ئیتلاعات کۆکردنەوە. تا لە دادگایی کردنیاندا بەدژیان وەک بەڵگە بەکاریان بێنێ.

سایتی هەڵوێست داواله هەموو هاونیشتمانان دەكات له هەر رێگەیەكەوە بۆیان دەلوێ ئەم هەواڵانه بڵاو بكەنەوە. لەهەمان كاتیشدا، وریابن كه هەموو ئی-مایل (E-Mail) ئادرەسەكانی ئەو خۆشەویستانەی كه گیراون له لایەن رەزوانی و تیمەكانییەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و "رەمزەكانی "یان شكاندووە و بەناوی ئەوانەوە (بۆ مەبەستەكانی خۆیان) كەڵكی لێ وەردەگرن. بۆیە بەهیچ شێوەیەك بەو ئادرەسانه پێوەندی نابێ بگیتێت و ئەگەریش پەیامێكی ئەو بەڕێزانەتان پێگەیشت، به لەبەر چاوگرتنی ئەوەی كه ئادرەسه كۆنەكانیان هەمووی له ئیختیاری ئیتلاعات دایە، تا دڵنیا نەبن كه لەلایەن ئیتلاعاتەوە نییە، وەڵامی مەدەنەوە. هەروەها هەموو ئەو سایتانەی كه لینكیان بۆ وێبلاگی دوكتور تلووعی داناوە، دەبێ بزانن كه ئەو وێبلاگە، رەزوانی و تیمه فەنیيەكەی دایاناوە و دوكتور تلووعی هیچ ئاگای لێی نییە.

بێگومان ئەركی هەمووماندە بە هەر شێوە و رێگەیەك كە بۆمان دەكرێ كۆڕ و كۆمەڵە جیهانییەكانی مافی مرۆڤ و رێكخراوە ئینساندۆستەكانیش لەم رێبازە جاسووسی و جەنایەتكارانەیە ئاگادار بكەینەوە.

بەرێوەبەریی هەڵوێست
1ی سەرماوەزی 2005